# سەرۆکی بەرەی گۆڕان بۆ ئاژانسی نوچێن کوردستان دەدوێ

پرسیار : بەرەی گۆڕان بۆ دروست کرا؟

وەڵام : ژیانی سیاسی و حزبایەتی لە باشووری کوردستان لە ڕەوشێکی ئاوارتەدایە ، ڕەوتی ئاسایی ئەوەی لە وڵاتاندا هەیە لێرە نیە . ژیانی سیاسی لەوڵاتان لەسەر دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن ڕاوەستاوە ، بەڵام لە کوردستان هەموو لایەنەکان دەخوازن بەشی خۆیان لە دەستەڵات و حکومەت وەربگرن، ئەمەش لەگەڵ دیموکراسیدا ناکۆکە . لەو کاتەدا کەسێک نامێنێ چاودێری بەسەر کارەکانی حکومەتدا بکات، هەموو لایەنەکان بەو پێیەی کە دەبنە بەشێک لە دەستەڵات تەنیا پەسنی دەستەڵات دەکەن، هەوڵی چارەسەرکردنی کەموکوڕیەکان نادرێ و وەڵامی داخوازیەکانی جەماوەر نادرێتەوە ، بەڵام ئەگەر هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن هەبێ، ئەو کاتە دەستەڵات ناچار دەبێ کە کێبەرکێ لەگەڵ ئەو هێزەدا بکات و چاو بە کارو بەرنامەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە ، بەو ئامانجەوە بەرەی گۆڕان دامەزراوە

بێگومان هەبوونی بەرەی گۆڕان وەک بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا هەڵدەسەنگێنێ و لە مەحەکی دەدات. لەلایەکەوە هەبوونی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لەبەرژەوەندی سیستەمی دیموکراسی و خزمەتی کۆمەڵگە خۆی دەبینێتەوە ، لە لایەکی دیکەشەوە وا لە دەستەڵات دەکات کە بەوردبینی و لێزانیەوە کارەکانی خۆی درێژە پێبدات .

پرسیار : بۆ ئەو ناوەتان هەڵبژارد؟

وەڵام : ڕاستیەکەی باشووری کوردستان پێویستی بە گۆڕانکاری هەمەلایەنە هەیە ، دەبێ گۆڕانکاری لە بەرنامەکانی خوێندنی فێرگەکان و زانکۆکاندا بکرێ، دەبێ گۆڕانکاری لە شێوەی دەستەڵات و فەرمانڕەواییدا بکرێ، دەبێ گۆڕانکاری لە ڕەوشی جڤاکی و کۆمەڵایەتیدا بکرێ، کەواتە کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە پرۆسەیەکی گۆڕانکاری بەرفراوان و گشتگیر هەیە. ئەو ناوەش بەو مەبەستەوە هەڵبژاردراوە ، ئێمە ئامانجمان ئەوەیە کە هەنگاو بۆ گۆڕانکاریان هەڵبگرینەوە .

هەڵبەت ناوی دیکەش پێشنیار کرابوون، وەکو بەری ژیانی دیموکراتی کوردستان و بەرەی چاکسازی و پاکسازی، بەڵام لە ئاکامی گفتوگۆیەکی زۆر گەیشتینە ئەو بڕیارەی کە ناوی( بەرەی گۆڕان )ی لێبنرێ، چونکە لایەنە عەلمانی و پێشکەوتنخوازەکان هەمیشە لەگەڵ گۆڕان و گۆڕانکاری دان .

پرسیار : بۆچی هەوڵتان نەداوە لایەنەکانی دیکە بهێننە ناو بەرە؟

وەڵام : لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان پرۆژەی پێکهێنانی ئەو بەرەیەی پێشنیار کرد، سەرەتا چوار لایەن وەڵامی پرۆژەکەیان دایەوە ، دواتر کۆمەڵێک کەسایەتی سەربەخۆ لە دەوری کۆبوونەوە . کاتێ پرۆژەکە گفتوگۆی لەسەر دەکرا بڕیارێک وەرگیرا، بەوپێیە بڕیار درا بەرئەندامیتی نوێ لە دوای ڕاگەیاندنی بێ، ئێستا کە بەرەی گۆڕان ڕاگەیاندراوە دەرگە بۆ ئەو لایەنانە کراوەیە کە باوەڕیان بە خەباتی دیموکراسیانە و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ هەیە تا بێن و لەنێو بەرەدا جێ بگرن .

پرسیار : ئایا ئەم بەرەیە بەرەیەکی ئایدۆلۆجی سیاسیە یا تەنیا بەرەیەکی سیاسییە لە پێناو بەهێزبوون لەرامبەر دەستەڵات؟

وەڵام : بەرە کارنامەی تایبەتی خۆی هەیە ، بەرەی هێزە عەلمانیەکانی دەرەوەی دەستەڵاتە و ئامانجی کۆکردنەوەی هێزو توانای نارازیانی کوردستانە لەبەرانبەر دەستەڵاتدا. بە واتایەکی دیکە بەرەیەکی سیاسییە و لە پێناو بەهێزکردنی سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن بوونە لە بەرانبەر دەستەڵاتدا .

پرسیار : ئایا بەڕای ئێوە بواری دیموکراسی لە باشووری کوردستاندا ڕەخساوە بۆ ئەوەی بتوانن بەبێ ترس بە ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن هەڵسن ؟

وەڵام : باهۆزی دیموکراسی هەڵیکردووەو ڕەوتی سیاسی لە جیهاندا بەرەو دیموکراتیزە کردن دەڕوات، وا خەریکە ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش دەگرێتەوە . ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی وڵاتان بەدوای یەکەوە هەرەس دێنن و دەڕووخێن، ڕژێمی دیکتاتۆری لە عێراق ڕوخێنراوە . ئەمریکا باس لە دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی گەورە دەکات. دەستەڵاتدارانی کوردستانیش شانازی بە دیموکراسیبوونەوە دەکەن و بانگەشەی دیموکراسیبوون دەکەن، کەواتە شوێن پێی دیموکراسی لە باشووری کوردستان دەبێتەوە . ئەگەر بواریش نەبێ، دەبێ هەوڵی ڕەخساندنی بۆ بدرێ. هێزی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ نەترس و بوێر بێ، ئامادەیی قوربانیدانی لە پێناو دیموکراسیدا هەبێ. بێگومان هیچ دەستکەوتێک بە بێ قوربانیدان و ماندوبوون وەدەست نایەت. ئێمە گیانی قوربانیدانمان لە پێناو چەسپاندنی دیموکراسیدا هەیە و ئەو ویستە سەر دەکەوێ .



ڕێکار ئەحمەد سەرۆکی بەرەی گۆڕان

پرسیار: ئەزموونەکانی پێشووی نزیکبوونەوەی پارتە سیاسیەکانی کوردی زۆربەیان فەشەلیان هێناوە ، جیاوازی ئێوە چیە لەم بوارەدا؟

وەڵام : ڕاستە ئەزموونی یەکبوون و یەکگرتنی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەرهەمدار نەبوونە ، بەڵام ئەزموونی بەرەیی سەرکەوتوو هەیە . دەتوانین بەرەی کوردستانی بە نموونە بهێنیەوە کە سەرەتای مانگی ئایاری ١٩٨٨ لە کوردستانی ئازادا لە نێوان چەند لایەنێکی سیاسی پێکهات. ئێمە ئەو لایەنانەی کە ئەمڕۆ بەرەی گۆڕانمان پێکهێناوە لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە تا ڕادەیەکی زۆر لەیەکتر نزیکین، هەمووشمان لە دەرەوەی دەستەڵاتداین، لە زۆربەی مەسەلەکاندا هاوڕامانین، هەروەها خواست و لێکدانەوەی هاوشێوەشمان هەیە . بەرە بەمەبەستی یەکبوونی خێرا دروست نەکراوە ، مەبەست کۆکردنەوەو یەکخستنی هێزو تواناکانمانە ، ئەمەش قۆناغی خۆی هەیە . لەوانەیە ئەگەر لە ئاکامی کاری هاوبەشی بەرە متمانەی زۆرتر لەنێوانمان دروست بێ، هەندێ هێز بگەنە ئەو باوەڕەی کە تێکەڵاوی یەکتر بن، بەڵام جارێ ئامانجی ئێمە کۆکردنەوەی هێزو توانای هێزەکانی دەرەوەی دەستەڵات، ئەوانەی کە گلەیی و گازاندەیان لە ڕەوشی ئێستای کوردستان و شێوازی فەرمانڕەوایەتی هەیە و باوەڕیان بە دەستاودەستکردنی دەستەڵات هەیە .

پرسیار: پێشوازی دەستەڵاتدارانی کوردستان، بە تایبەت پارتی و یەکێتی بۆ ئەم بەرەیە چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟

وەڵام: تا ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی بە ئەرێ و نەرێ هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە بەرە پێشان نەداوە ، بێگومان هیچ دەستەڵاتێک کە مەیلی تاکڕەویی و پاوانخوازی هەبێ ،حەز بە پەیدابوونی نەیار و هاوڕک ناکات. ڕەوشی باشووری کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە . ماوەی ١٥ ساڵە یەکێتی و پارتی لەسەر دەستەڵات ململانێ و شەڕ دەکەن، لە هەموو حاڵەتەکاندا بە جووتە فەرمانڕەواییان کردووە ، وەکو برا داهاتەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردووە دەزگاکانی حکومەتیان بۆ ئەندام و لایەنگرانی خۆیان قۆرخ کردووە ، ئەمڕۆ حەز ناکەن هێزێکی نەیار هەبێ و چاودێری بەسەر کارەکانی ئەوانەوە بکات . هەرچۆنێ بێ ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین و دەمانەوێ چەمکی ئۆپۆزیسیۆنبوونیان پێ بسەلمێنین. من لەو باوەڕەدام ئەوان نایانەوێ لەو کاتەدا دژایەتی ئەو بەرەیە بکەن، چونکە ئەوان بانگەشەی دیموکراسیبوون دەکەن، شانازی بە ئەزموونی باشووری کوردستان دەکەن . دیموکراسیبوون ئەوەیە هێزی بەرانبەر پەسند بکەیت و دژایەتی نەکەیت و ڕێگەی کارکردنی لێ بەرتەسک نەکەیتەوە . دیموکراسیبوون وشەی ڕووتی سەر زارەکی نیە و بەبێ کردەوە ناچێتە گیرفان و کەسیش پێوانەی بۆ ناکات .

پرسیار: جێگەی کەسانی سەربەخۆ لە بەرەی گۆڕاندا هەیە یان بەرەیەکی ڕێکخراوە سیاسیەکانە و بۆ کەسانی سەربەخۆ نییە لەم ڕێکخراوە نزیک ببنەوە؟

وەڵام: ئێستاش کۆمەڵێک کەسایەتی سەربەخۆ لەدامەزراندنی بەرەی گۆڕاندا بەشدارییان کردووە .لە کارنامەی بەرەی گۆڕاندا جێگەی تایبەت بۆ کەسانی سەربەخۆ و ڕۆشنبیران دانراوە . ڕێکخراوە سیاسیەکان بە سێ ئەندام لە ئەنجوومەنی بەرەی گۆڕان بەشداری دەکەن، بەڵام هەموو کەسایەتیەکان دەتوانن ببن بە ئەندامی ئەنجوومەنی بەرەی گۆڕان. لە هەر ڕێکخراوێک یەک کەس دەبێ بە ئەندامی دەستەی کارگێڕی، نوێنەری کەسایەتیەکانیش دەبێ بە ئەندامی دەستەی کارگێڕی. دەستەی کارگێڕی هەر چوار مانگ جارێ یەکی لە ئەندامانی خۆی بۆ سەرۆکی بەرە هەڵدەبژێرێ، بەو پێیە کەسایەتی سەربەخۆ پۆستی سەرۆکی بەرە وەردەگرێ. بە کورتی و بە کوردی بەرەی گۆڕان باوەشی بۆ تەواوی ڕۆشنبیرو کەسایەتیە سەربەخۆکان گرتۆتەوە ، دەخوازێ ئەوانیش بێن و لەنێو بەرەدا جێ بگرن. من لێرەدا بانگی تەواوی کەسایەتیە سەربەخۆکان و ڕۆشنبیرە وڵاتپارێزەکانی دەرەوەی دەستەڵات دەکەم کە بێن و لە نێو بەرەدا جێگە بگرن، بە هاتنی ئەوان ئەم بەرەیە ئاوەدانتر دەبێتەوە و بەرەو پێشەوە دەڕوات و لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە .

پرسیار: ڕاگەیاندن پێگەی ئۆپۆزیسیۆنە بە تایبەی لە خەباتی دیموکراسیدا، ئایا هیچ بەرنامەیەکتان هەیە لەو بوارەدا؟

وەڵام: ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری ( بیستراو، بینراو، نووسراو) ڕۆڵی گاریگەریان لەخەباتی دیموکراسیدا هەیە ، دەتوانین بە کۆڵەگەی قایمی ئەو خەباتەی دابنێین، لەم کاتەدا هەوڵ دەدەین کە بەرەی گۆڕان بڵاوکراوەیەکی هەفتانە یان نیومانگی هەبێ. کار بۆ ئەوەش دەکەین تا ڕەوشی داراییمان پێشبکەوێ، ئەگەر ئەمە سەری گرت بێگومان ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیش دادەمەزرێنین. ئێستا لایەنەکانی ناو بەرە ڕاگەیاندنی خۆیان هەیە ، هەوڵ دەدەین کە ئەو ڕاگەیاندنانە لەبەرژەوەندی بەرە دەکار بکرێن. هەروەها پێگەکانی ئینتەرنێتی و ڕۆژنامە سەربەخۆکان ڕۆڵی خۆیان هەیە و هیواخوازین ئەوانیش هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی کە ئەمڕۆ بە ناوی سەربەخۆ و ئەهلی بوونەوە لە باشووری کوردستان و بە پارەی دەستەڵاتەوە دەردەچن، ئازاد نین. ناکرێ پشت بەوانەوە ببەستین. ئێمە ڕۆژی ١٠-١٠-٢٠٠٦ بۆ ڕاگەیاندنی دامەزراندنی بەرەی گۆڕان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیمان لە هۆتێل هەورامانی شاری هەولێر پێکهێنا، نوێنەرانی زۆربەی ئەو ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنانە هاتبوون، تەواوی کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەیان تۆمار کرد، ڕاو سەرنجی خۆیان دەربڕی و پرسیاریان لێکردین، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان هەر ئاماژەشیان پێنەدا. ڕۆژنامەی وا هەبوو ڕۆژی دوایی لە چاپخانە دەرچوو، هەواڵی تۆمارکردنی سکاڵای باوکێک لە دژی کورەکەیدا بڵاوکردبۆوە ، بەڵام هەواڵی دامەزراندنی بەرەی گۆڕان و کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی بە یەک دێریش تێدا نەبوو. ئایا ئەمە چی دەگەیەنێ؟ ئایا دەکرێ بەو ڕۆژنامەیە بگوترێ ئازاد و سەربەخۆ؟

# دیمانەی بەڕێز شوکروڵڵا حەمەدەمین لەگەڵ ماڵپەڕی کوردستان ئۆن لاین دا

## دیمانە / گەرمیانی حەمەی پوور

پرسیار : دوای ڕاگەیاندنی بەرەی گۆڕان میکانیزمی کارکردنی ئێوە چۆن دەبێت، ئەگەری چ گۆڕانێک هەیە لە شێوازی کارکردنتاندا؟

وەڵام: بەرەی گۆڕان پەیڕەوێکی ناوخۆی هەیە و کارەکانی بەپێی ئەو پەیڕەوە دەکا. هەر دوای ڕاگەیاندنەکە کۆبووینەوە لە پێشدا سێ مەکتەبمان پێکهێنا ئەوانیش مەکتەبی ڕاگەیاندن و مەکتەبی پەیوەندییەکان و دارایی،وە ئەو کەسایەتی و لایەنانەی ئامادەییان نیشاندا بۆ کارکردن لەگەڵمان لەو لیژنانە دانران. هەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی بەرە دەستەی کارگێڕی سەرۆکێک بۆخۆی دەست نیشان دەکا بۆ ماوەی چوار مانگ،بۆ ئەو دەورەییە سەرۆکمان کاک ڕێکار ئەحمەدە ، دەربارەی چۆنییەتی کارکردنمان بۆ جێبەجێ کردنی کارنامەکەمان بڕیارە لیژنەکان بۆ هەر بڕگەیەک پلان دابنێن،ئەو گۆڕانەی بڕیارمانداوە لە خۆمانی دا بکەین ئەوەیە کە تا ئەوپەڕی شەفاف بین و دەمانەوێ بەر لە وەرگرتنی هەر بڕیارێک یان ئەنجامدانی هەر کارێک پرس و ڕای خەڵک وەربگرین بە تایبەت ڕای ڕۆشنبیرانی لە سەر وەردەگرین

پرسیار: ئایا بەرەی گۆڕان دەتوانێت ئەو جەماوەرە نارازییەی شەقامی کوردی ساز بکات، بە جۆرێک ئاراستەیان بکات؟

وەڵام: بەڵێ، یەک لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئێمە ڕێکخستنی ئەو دەنگە نارازیانەیە کە لە شەقامی کوردی هەیە ، بەشێوەیەکی مەدەنی و شارستانیانە ئاراستەی بکەین بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی فشار بە جۆرێک بزانین چ مان دەوێت و چۆن داوای دەکەین، لەکێی داوا دەکەین، بە داخەوە کەلتورێکی دیموکراسیانەمان نییە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆماندا، بۆیە ئەرکی ئێمەیە هەوڵدان بۆ دروست بوونی ئەم کەلتورە . هەوڵ دەدەین بەرەی گۆڕان ببێتە پێشەنگی دەربڕینی ئەم نارەزاییانە بە شێوەی مەدەنی و بە هەموو شێوەیەک دوورکەوینەوە لە کاری ناشارستانی و پاسا و نەهێڵینەوە بۆ دەسەڵات بۆ دروست بوونی توندوتیژی و لەرێ لادانی ڕەوتی دیموکراسی، چونکە دەسەڵاتی ئێمە هەمووددەم ویستوویەتی داخوازییە ڕەواکانی خەڵک بە چەند شتێکی نەخوازراو ناشیرین بکا، ئایا بەرەی گۆڕان دەتوانێت ئەم کارە بکا؟ دیار کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای کوردستان کە دەسەڵات و حزبەکان لە ماوەی ڕابردوودا ئەم هەموو بەڵێن و وادەیان پێدان و جێ بەجێ نەکران، کارێکی ئاسان نییە دروست بوونەوەی متمانە بەڵام سووربوون و خۆنەویستی و بە کارهێنانی هەر وشەیەک وەک خۆیی و لە شوێنی خۆی گومان لەوەدانییە ئەو متمانەیە دروست دەبێتەوە و ئەم دەنگە نارەزایانەش لە دەوری کۆدەبنەوە

پرسیار : پێتان وایە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لە بارە بۆ دروست بوونی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی لەو شێوەیە؟

وەڵام: ئەگەر بڕیارە سیستەمی سیاسی و ئیداری ئێمە سیستەمێکی دیموکراتی بێ واتە لەڕێی هەڵبژاردنەوە دەستاو دەستی دەسەڵات بکەین، ئەوا بێ چەند و چوون دەبێ ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە بە دەنگی بەرز و بەدیویکی ترو بەرنامەیەکی تر بەرهەڵستکاری دەسەڵات بێ. ئەمڕۆ لە کوردستان هەڵبژاردن کراوە و بە هەڵبژاردن دەسەڵات شەرعییەتی خۆی وەرگرتووە چی هێزی لە پەرلەمانە بۆتە بەشێک لە دەسەڵات. ئۆپۆزسیۆنێک کەململانێی دەسەڵات بکات ئەمڕۆ لە کوردستان نیە ئەمەش وای کردووە دەسەڵات تا قوڵایی ژیانی تاکەکان دەست بباتە پێش. کە هێزێک پێویستە ئەم دەستە بکێشێتەوە . ئەمڕۆ بەهۆی ئەم بارودۆخە نائاساییەی کە کوردستان پێی تێدەپەڕێ هێزی دیموکراسیخواز و پێشکەوتن خواز کاریگەری لە سەر ڕوداوو بڕیارەکان نییە پەرتەوازەییەک لە نێوان ئەو هێزانەدا هەیە ، لەدەرەوەی لایەنە سیاسیەکانیش نارەزاییەکی زۆر هەیە ، بۆیە ئەمە بەخۆداچوونەوەیەکە لەم دۆخە . تۆ ئەگەر مەبەستت لە باری بارودۆخی دەرەکی بێ و ئەو مەترسیانەی کە دەسەڵات بەردەوام دەیەوێت بیکاتە مەترسی و دەنگی خەڵکی پێ کپ بکات، هیچ پاساوێک ئەمە قبوڵ ناکا کە بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی دیموکراتیانە ممارەسەی کاری خۆی بکا. گوتاری ئۆپۆزسیۆن بوونی ئێمە لەپێناو باشترکردن و بەرەوپێشەوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان و دەسەڵاتی کوردستانە ئەو پاساوانەی بە ناوی مەترسی تیرۆرو دەوروبەر و ساوایی حکومەت دەهێنرێتەوە تەنها بە قوڵ بوونەوەی دیموکرتی و ئازادی تاکەکان دەڕەوێتەوە ، ئەوان بەو بیانووە دەست دەخەنە بینا قاقای میللەت و دەیخنکێنن. دزو جەردەو کۆنەمستەشارو پیاوی بەعس دەکەنە بەرپرس مەترسی نییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی بەڵام ئەگەر ئێمە بڵێین ئەم بەرپرسە دزە و خزمەتی خەڵکی پێناکرێ ئەوا خەتەرەو بارودۆخەکەمان ناسکە ،ئەمە پاساوێکی بێ بنەمایە کە دەسەڵاتی کوردی دەنگی خەڵکی پێ خەفە دەکا، بۆیە دەڵێین هەموو دەم دەرفەت بۆ کاری دیموکراتیانە لەبارە

پرسیار : ئایا تا ئێستا هێزی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان توانیویەتی ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێت؟

وەڵام: بەهۆی دروست بوونی شەڕی ناوخۆ و کەرت بوونی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ئیدارەیی حزبی بواری ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی سیاسی بەڕادەیەک بەرتەسک بۆوە کە دەرفەتی ئەوەی نەهێشتەوە هیچ دەنگێکی جیاواز لە سەر مەسەلەکانی خەڵک ممارەسەی ئۆپۆزسیۆن بوون بکا، هەڵوێست وەرگرتن لەم شەڕە بۆخۆی هەڵوێستێکی ئۆپۆزسیۆنانە بوون، بەڵام بەداخەوە ئەم هێزانە لەم هەڵوێستەش جۆرێک لە هاوسەنگ ڕاگرتنی تێدابوو. بەشێک لەم هێزانە لەم قۆناغە تەنها لە شەڕی ئەوەدابوون نەخزێنرێنە ناو ئەو شەڕە ، دەڵێم بەداخەوە نەی توانیوە ڕۆڵی خۆی ببینێت ئەگەرنا دەبوو بەدەنگێکی بەرزتر بەربەم شەڕە بگرێ، بەڵام لە داوی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە ئێستا هیچ پاساوێک نەماوە کە ئۆپۆزسیۆن بەرنامەیەکی ڕوون و دەنگێکی دیاری نەبێ دروست بووە دەکرێ ڕاوان بکرێ ورەی پێبدرێ دەرگاش کراوەیە بۆ هەر پارت و کەسایەتییەک کە لە سەر ڕەوتی ئۆپۆزسۆن بوون کاربکا

پرسیار:بابێینە سەر کێشەی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەنگو باسی ئەوە هەیە کە ئێوە بەنیازی تۆمارکردنی سکاڵایەکن لە سەر حکومەتی هەرێم کە بۆماوەی پێنج ساڵە مووچەکەتان بڕاوە؟

وەڵام : کێشەی ئێمە لەگەڵ حکومەت کێشەیەکی یاساییە چونکە ئێمە بەپێی یاسا دروست بووین، پێویستە ئەو مافانەی کە یاسا پێمان دەبەخشێت حکومەت بمان داتێ ئێمە بودجەیەکمان هەبوو کە بری ١٧٠ هەزار دیناری سویسری بوو بەڵام ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێ نەک ٥ ساڵ چ هۆیەک ئەم بودجەیەیان حجز کردووە ، ئێمە لە زۆر ڕێگەوە هەوڵماندا کێشەکەمان گەیاندە لای سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێمیش، بەڵام هیچ سودێکی نەبوو، بۆیە داوامان تۆمار کردووە نەک بەنیازبین هەر لەم مانگە یەکەم دانیشتنی بۆ دەکرێ پێشتر لەبەر دووئیدارەیی داوامان تۆمار نەدەکرد، لەبەرئەوەی لە هەر لایەکمان تۆمار بکردایە بە شێوەیەکی تر لێکدانەوەی بۆ دەکرا. ئێستا یەک حکومەتەو داوامان لەسەر ئەو حکومەتە تۆمار کردووە. لەبەرئەوەش پێمان وایە ئەگەر یاسا سەروەربێ لە کوردستان ئەو ئیدعایانەی کە دەیکەن بۆ بەدامەزراوەیی کوردستان دەبێ ئەو مافەمان بە قەرەبوو کردنەوە بۆ بگەڕێننەوە ، ئێمە ئەمە بە مافێکی یاسایی خۆمان دەزانین و دەبێ بودجەی ئێمە و هەموو حزبەکانی تر بە هەردوو حزبی دەسەڵاتداریشەوە بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێ، هەندێک لەو حزبانەی دەرەوەی پارتی و یەکێتی ئەو مەسەلەیان زۆر پێناخۆشە چونکە نایانەوێ خەڵک بزانن چەند وەردەگرن و چی پێدەکەن، چونکە ئەوانە زۆریان پارەی خەیاڵیان هەیە هەر لە حکومەت لە چەند لاوە وەردەگرن

www.kurdistanonline.net